

یەکەمین کۆنفرانسی تایبەت
بە جینۆسایدو ئەنفال لە گەرمیان
بەچاودێری
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
بەدروشمی
"جینۆسایدو ئەنفال، رابوردوو، ئێستا، ئاینده"
دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال، بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، یەکەمین کۆنفرانسی زانستی
تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال لە رۆژانی 1، 2، 3-10-2015
سازدەکات



## بۆبەڕێز: ..........................................

**خۆشحاڵ دەبین بە ئامادەبوونتان لە یەکەمین کۆنفرانسی "ئـەکادیمی- زانستی" تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال لە شاری کەلار، کە لـە ڕۆژانـی 2015/10-3-2-1 لەهۆڵی ئوتێل "لەندەن ئای" سازدەکرێ.**

**ئامادەبونتـــان جێگـــای خۆشـــحاڵیمانەو لـــە هەمانکاتـــدا دەبێتـــە هۆکـــاری دەوڵەمەندکردنی بابەت و لێکۆڵینەوەکانی ناو کۆنفرانس کە پێشکەش دەکرێن.**

**شوێن:** کەلار، ئوتێل لەندەن ئای

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس**

**تێبینی:**

- بۆ میوانەکانی دەرەوەی شار دەتوانن ڕۆژی پێشووتر واتە 10/30 بگەنە کەلار
- ڕۆژی یەکەم 2015-10-1 کاتژمێری "9"ی بەیانی کۆنفرانس بە مەراسیمێکی تایبەت دەکرێتەوە.



# وتەیەك

گەلی کوردستان، لە هەرچوارپارچەی نیشتمانەکەی بەردەوام لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانەوە روو بەڕووی تاوانی جۆراو جۆربوەتەوە، لەوانەش تاوانی "جینۆساید، جەنگ، دژی مرۆیی"، ئاکامی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەش سەدان هەزار قوربانی و بێسەرو شوێن و چەندین کاریگەری جۆراو جۆری لێکەوتەوە، وەك کاریگەری "سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی"، کە لەدەمی ئەنجامدانی تاوانەکانەوە تا ئێستاو بۆ داهاتوویەکی دووریش دەرهاویشتەکانیان دەمێننەوە.

بەتایبەتتر، گەلەکەمان لە باشووری کوردستان بەچڕی و بەشێوەیەکی سیستماتیك لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق تاوانەکانی "جینۆساید، جەنگ، دژی مرۆیی" لەبەرامبەر ئەنجامدراوە، لەم سۆنگەیەشەوە دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال، بەچاودێری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان، بەئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی زانی، لە "گەرمیان" وەك یەکێك لە پڕقوربانیترین ناوچەکانی بەرکەوتووی تاوانی جینۆسایدو ئەنفال، کۆنفرانسێکی "ئەکادیمی " ئەنجامبدا، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوەو بەهەوڵ و کۆششی هەموو لایەك دەرەچەیەکی تەندرووست بۆ خوێندنەوەی رەهەندو لایەنە جیاجیاکان و کاریگەرییەکانی تاوانەکان و دیکۆمێنتکردنیان بدۆزینەوە.

هەروەك ئەوەشمان لامەعلومە، کە ئەم هەوڵەی ئێمەش دەچێتە چوارچێوەی تێکڕای هەوڵەکانی ترو هیچ یەکێك لە هەوڵەکانی پێش خۆی نادیدە ناکات، بەڵکو یە پێچەوانەوە لە روانگەی خوێندنەوەی بابەتیانەمان بۆ ئەم پرسە، خۆمان بەبەشێك لە تێکڕای هەوڵ و کۆششەکان دەزانین و پێمان وایە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەم ئەرکە کۆدەنگی گشتیمان پێویستە، بۆ ئەوەی تاوانی جینۆسایدو ئەنفال دژ بە گەلەکەمان بکەینە پڕۆژەی بنیادنانەوەو دامەزراندنی سەرخان و ژێرخانی نیشتمانەکەمان، لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکانی رابووردوو، بۆیە پێویستە لە ئێستادا، تاوانەکانی رابووردوو بە تێکڕای رەهەندو کاریگەرییەکانیەوە بخوێنینەوە، بۆ دەست نیشانکردنی ئایندەیەکی تەندردووست.



## دیارترین وێستگەکانی جینۆسایدو ئەنفالی گەلی کوردستان

- 1934 دەستپێکی تاوانی جینۆسایدی رۆژهەلأتی کوردستان
- 1937-1936 تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە باکوری کوردستان
- 1946 دەسپێکی تاوانی جینۆسایدی رۆژئاوای کوردستان
- 16-ئەیلول 1969 تاوانی جینۆسایدی سۆریا لە باشووری کوردستان
- 1969-8-18 جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان لە باشووری کوردستان
- 1974-4-24 یەکەم تاوانی بۆردومانی قەلأدزێ لە باشووری کوردستان
- 1980 بۆ 1981 دەستپێکی تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەعێراق
- 1983-7-31 تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان لە باشووری کوردستان
- 1985-6-9 تاوانی جینۆسایدی گوندی زیوێ لە باشووری کوردستان
- 1988-3-16 تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان
- 1988-4-14 تاوانی ئەنفال لە باشووری کوردستان
- 2011-11-18 کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی "باکوری کوردستان
- 2014-8-3 تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە باشووری کوردستان



# خشتەی کارەکانی کۆنفرانس

**- شوێن : کەلار / ئوتێلی لەندەن ئای**

1 -2- 2015/10/3

## پلان و خشتەی ئەنجامدانی کۆنفرانس

**ڕۆژی** 1-10 - 2015

- **گەیشتنی میوانەکان بە میوانخانەو پشودان کاتژمێری 9 ی سەرلەبەیانی بە هۆڵی کۆنفرانس ئۆتێل "لەندەن ئای"**
- **کاتژمێر 9:30 خولەك مەراسیمی کردنەوەی کۆنفرانس**
- **چەند چرکەیەك وەستان**
- **خوێندنەوەی قەسیدەی "لێکترازان" لەلایەن شاعیرو خاوەن حەوت جگەر گۆشەی ئەنفالکراو "ساڵەح هەلاج"**
- **فیلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید "7" خولەك**
- **ووتاری دەستپێکی کۆنفرانس لەلایەن بەڕێز "تەها سلێمان" بەڕێوەبەری دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال.**
- **ووتاری بەڕێز:" سەلاّح کوێخا"، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**
- **ووتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز" دکتۆر یوسف مەحمەد"**
- **ووتاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان "بەڕێز مەحمودی حاجی ساڵەح"**
- **ووتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەلایەن بەڕێز "ئاکۆ یوسف" بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان.**



- دوای مەراسیمی کردنەوە، راستەوخۆ رۆیشتن بۆ شارۆچکەی زینانە.
- کاتژمێر 11:30 کردنەوەی مۆنۆمێنتی زینانە.
- وتاری گولاڵەی گەرمیان
- وتاری بەڕێوەبەری ناحیە (دلێر عبداللە)
- وتاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

## دوای نیوەڕۆ کاتژمێری 2 نان خواردن و پشوودان

- پانێلی یەکەم: بەڕێوەبەری پانێل " ئومێد سەعدوڵڵا "
- دۆسیەی تاوانەکان لە دادگا "ئەیاد کاکەیی" (25 خولەك)
- جینۆسایدو ئەنفال، پرۆسەی خوێندن و پەروەردە، "د. فاروق" سەرۆکی زانکۆی گەرمیان
- یادێك لە 100 ساڵەی جینۆسایدی ئەرمەندا.. ئایا رۆڵی کورد چییە لەو کوشتارەدا؟ "محەمەد حمە ساڵەح تۆفیق" (25 خولەك)
- "شالاوەکانی ئەنفال، لەدیدی شەریعەتی ئیسلام و یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی" دادوەر فەرهاد حاتەم، "25" خولەك

## کاتژمێری 4 بۆ 4:15 رێست و چا خواردنەوە

- پانێلی دووەم: 4:15 بۆ کاتژمێر6 بەرێوەبەری پانێڵ مامۆستا "سالار "
- "جینۆسایدو ئەنفال، رۆڵی پەرلەمان لە ناساندنیدا "سالار مەحمود"(25 خولەك)
- "جینۆسایدو ئەنفال، هەموارکردنەوەی یاسای ئیمتیازی قوربانیان و پرسی رزگاربوانی گۆڕی بە کۆمەڵ" عومەر مەحمەد" (25 خولەك)
- "جینۆسایدو ئەنفال، بەراوردکردنی بە تاوانە نێودەوڵەتیەکان" دکتۆر بورهان یاسین"(25 خولەك
- "جینۆسایدوئەنفال، رەهەندە نێودەوڵەتیەکانی " ئاوارە حوسێن "(25 خولەك).

## کاتژمێری 6 بۆ 6:15 رێست و چا خواردنەوە

کاتژمێر 6:15 بۆ 7 گفتوگۆکردنی لێکۆڵینەوە پێشکەشکراوەکان



## رۆژی دووەم 2-10-2015

- کاتژمێری 9ی بەیانی دەست پێکردنی پانێڵی سێیەمی کۆنفرانس بەڕێوەبەری پانیلً "ملکۆ کەلاری "
- "جینۆسایدو ئـەنفال، دۆسیەی گـۆڕی بەکۆمـەڵ و پاراسـتنی مـافی کـەس و کاری قوربانیان" عەدالەت عومەر ساڵەح"
- "جینۆسـایدوئەنفال، رۆڵـی هونـەری دراماو فـیلم لـە ناسـاندیدا" دلشـاد حوسێن"(25 خولەك)
- "جینۆسایدو ئەنفال، پرۆژەی نوسینەوەی مێژووی زارەکی" مەجید ساڵەح "(25 خولەك)
- "جینۆسـایدو ئـەنفال، دۆسـیەی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان"لـەتیف فـاتیح فـەرەج "25" خولەك

### کاتژمێری 11 بۆ 11:15 چا خواردنەوە

- کاتـژمێر 11:15 تـا کاتـژمێر 1 ی نیـوەڕۆ گفتوگـۆی لێکۆڵینـەوە پێشـکەش کراوەکان

### کاتژمێری 1 تا 2:30 نان خواردن و پشوو.

- کاتژمێر 2:30 دەستپێکردنەوەی پانێلی چوارەم ، بەڕێوەبـەری پانێـل "بێستون ژاڵەیی"
- جینۆسـایدو ئـەنفال ، ئێزیـدی و کلایسـتیان و مەسـیحییەکان وەك نموونـە لـە شەنگال و دەشتی موسل"بەهار عەلی"



- ✓ " ژن و منالّ وەك یەكەم قوربانی جەنگ، نموونەی ئەنفال و شەنگال " رۆشنا جەمال"
- ✓ "جینۆسایدی زرگوشییەكان، لاپەڕەیەكی تر لە سڕینەوەی شوناس"، سمكۆ سابیر " (25 خولەك)
- ✓ جینۆساید و كیمیابارانی هەڵەبجە، تێڕوانینێك بۆ رابردوو، ئاینده"ناميق هەورامی" (25 خولەك)
- ✓ مێژووی زارەكی لە تاوانی ئەنفالدا, خالد سلیمان "25" خولەك
- ✓ "دەزگای لێكۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال، ستراتیژی كاركردن" تەها سلێمان"(25 خولەك)

## كاتژمێری 3 بۆ 4:30 پشوودان و چاخوادنەوە

- ✓ كاتژمێر 5 بۆ 7 گفتوگۆی لێكۆڵینەوە پێشكەشكراوەكان..

## رۆژی سێیەم 3-10-2015

- ○ كاتژمێری 9 دەست پێكردن، بەڕێوەبەردنی پانێڵ "شوان جەلال"
- ○ پێشكەشكردنی پرۆژەی كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال، هاوڕێ پێشڕەو "15" خولەك
- ○ خوێندنەوەو پێشكەشكردنی پێشنیارو راسپاردەكانی كۆنفرانس "15" خولەك
- ○ گفتوگۆكردنی هەردوو بابەتەكە "30" خولەك
- ○ كاتژمێری 10 بۆ 10:30 خوێندنەوەو پێشكەشكردنی ووتاری كۆتایی كۆنفرانس و كۆنگرەی رۆژنامەوانی بۆ دەزگاكانی راگەیاندن



# گۆڕی بە کۆمەڵ
# یەکێك لە دیکۆمێتە هەستیارو گرنگەکان

عێرقییەکان بە گشتی و کوردستانیەکان و کورد، سەرگۆزشتەی زۆر تاڵ و بەسوێیان لە گەڵ دلڕەقی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و لە پێش هەموویانەوە رژێمی "بەعس"دا هەیە، چیرۆك و گێڕانەوەی ئەو سەرگوزەشتانە، بە دەیان دەیەی تر بە کۆتا نایەت، رۆژ دوای رۆژیش بەڵگەو دیکۆمێنتی نوێ لەم بارەیەوە دەکەونە سەرەوەو بەردەست دەکەون.

کورت و پوخت، گۆڕی بە کۆمەڵ، جگە لەوەی یەکێك لە ئاماژە دەرکەوتوەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعسە لە عێراقدا، هاوکات روونترین و سەلمێنراوترین دیکۆمێنتی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی ترە، وەك بەشێك لە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد، لەلایەن "بەعس"وە، هەندێ ژێدەرو سەرچاوە بەم شێوەیە شوێن و جێگای گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق دیاریدەکەن.

لەنێو ئەو گۆڕە بە کۆمەلأنەی لە کوردستان و عێراقدا لە دوای راپەڕینی 1991ی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان و دوای رووخانی بەعس لە 2003، دۆزراونەتەوە، زۆرترینیان بەپلەی یەکەم "گۆڕی بە کۆمەڵی شالأوەکانی ئەنفالی 1988"و بەدوای ئەمیشدا گۆڕی بە کۆمەڵی " ئەنفالی بەرزانیەکان، فەیلییەکان، شیعەکان، گوندی سۆریا" و هتد ن.

واتا دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە کوردستان و عێراق، ئەنجامی ئەو تاوانانەن دژ بە گەلی کوردو لەلایەن رژێمی لە گۆڕنراوی بەعسەوە دژ بە گەلی کوردو کوردستان ئەنجامدراون، بەڵگەی سەلمێنراویش کە لەبەردەستە ئەو گۆڕانەی تا ئێستا هەڵدراونەتەوە زۆرینەی زۆریان کوردن.



# خشتەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە عێراق

| پارێزگا | قەزا | ژمارە | پارێزگا | قەزا | ژمارە | کۆ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەسرە | بەسرە | 6 | بەغدا | محمودیە | 3 | 9 | گۆڕی بەکۆمەڵ |
| بەسرە | ئەلقەرنە | 4 | بەغدا | رەشید | 3 | 7 | = |
| بەسرە | ئەبو خسیب | 2 | بەغدا | ئەبوغرێب | 2 | 4 | = |
| بەسرە | زووبێر | 7 | بەغدا | مەدائن | 2 | 9 | = |
| موسەنا | سەلمان | 5 | بەغدا | سەبعە نیسان | 3 | 8 | = |
| موسەنا | خزەر | 4 | بەغدا | سەدر | 3 | 7 | = |
| موسەنا | سەماوە | 3 | کەرکوك | کەرکوك | 14 | 17 | = |
| زیقار | ناسریە | 2 | قادسیە | دیوانیە | 2 | 4 | = |
| زیقار | سووق شیوخ | 2 | قادسیە | عفك | 1 | 3 | = |
| میسان | عەمارە | 2 | موسڵ | حمدانیە | 3 | 5 | = |
| میسان | مەیمونە | 2 | موسڵ | حەزەر | 4 | 6 | = |
| کەربەلا | کەربەلا | 2 | بابل | حلە | 1 | 3 | = |
| کەربەلا | هندیە | 2 | بابل | محاویل | 12 | 14 | = |
| کەربەلا | عین تمەر | 16 | بابل | مسەیب | 1 | 17 | = |
| سەلاحەدین | سامەڕا | 1 | دیالا | جەلەولا | 3 | 4 | = |
| سەلاحەدین | بەلەد | 1 | دیالا | بەلەدرووز | 1 | 2 | = |
| سەلاجەدین | تکریت | 3 | دیالا | میقدادیە | 1 | 4 | = |
| ئەنبار | روومادی | 5 | هەولێر | مەحمور | 3 | 8 | = |
| ئەنبار | رتبە | 1 | هەولێر | سۆران | 1 | 2 | = |
| نەجەف | نەجەف | 7 | واست | بەدرە | 1 | 8 | = |
| کۆی گشتی | | 87 | | | 64 | 151 | = |



## ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە هەڵدراونەتەوە

لەساڵی 1963 وە تا 2003 کە دەکاتە یەك چارەکەسەدە، تاساوەختی رووخانی بەعس وەك پارتی فەرمانڕەوای عێراق و ئەنجامدەری تاوانەکانی جینۆساید دژبەگەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەت، بەشێك لەوکەس و کارانەی قوربانییەکان کەبەشێوازی جۆراوجۆر لەدەستی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەولگرییە داپلۆسێنەرەکانی "بەعس" رزگارییان ببوو، هیچ سووسەیەکی کەس و کارەکانیان نەدەزانی، یان لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەس و کارەکانیان بگەڕێتەوە.

بەلأم دوای رووخانی بەعس لە 2003 دەرکەوت دەوڵەتی عێراق و بەعس، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پێشێلکردنی هەموو یاساو ریسا نێو دەوڵەتییەکان، تەواوی ئەو خەڵکە کەژن و پیرو مناڵ و گەنج و مێردمناڵ بوون و لە هەموو وێستگەو قۆناغەکانی شالأوەکانی جینۆسایدا، لەپرۆسەیەکی خێرادا جینۆسایدی کردوون و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کەنزیکەی "151" گۆڕی بەکۆمەڵن، گەواهی ئەو راستیەیی سەرەوەیەو لە خشتەکەی پێشوو شوێن و جێگاکانیمان بیرهێنایەوە، ئەگەر ئەو ژمارەیە تێبینی لەسەر هەیەو زۆر سەرچاوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە شاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەلأم تا ئێستا نەتوانراوە بدۆزرێنەوە یان ئاشکرابکرێن.



## تەنها "2672" رووفاتی قوربانیەکان دەرهێنراون

گرنگترین شت بۆکەس و کاری قوربانیانی جینۆساید، ئەوەیە کە رووفاتی کەس و کارەکانیان بگەڕێتەوەو بەچاوی خۆیان ببینن و بەشداری بکەن لەناشتنی ئێسك و پرووسکەکانیاندا. ئەمە بوەتە گرێیەکی دەروونی گەورە بۆ ئەوان و تا ئێستا توانراوە تەنها "2672" رووفات لەهەریەك لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی "حەیدەرییە، سەماوە، مەهاری یەك و مەهاری دوو، تۆپزاوە، حەمرین، بوسەیە، لە گەڵ ئەو گۆڕە بەکۆمەلأنەی تر کە لە کوردستان دۆزراونەتوەو هەڵدراونەتەوە کە لە خوارەوە پۆلینمان کردوە" بهێنرێتەوە بۆ کوردستان یان لە کوردستان هەڵبدرێنەوەو بدۆزرێنەوە، کەناکاتە 2٪ لەسەدی سەرجەم رووفاتی نێو گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزەو بەرپرسیاری پلەیەك وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقیە، کەبەپێی بڕیاری حکومەتی عێراقی ئەو بەرپرسی یەکەمە لەرێگەدان بەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەرهێنانی رووفاتی قوربانییەکان، ئەویش بەشێوەیەکی زۆر ناتەندرووست و بێبەرنامە ئەم کارە جێبەجێدەکات. بەواتایەکی تر ئەگەر بەپێی بەرنامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی بێت، بەسەرنجدانی ئەو کارەی بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پێشووی کردوەو رووفاتەکانی دەرهێناوە لە ماوەی "11" ساڵی دوای رووخانی بەعس ئەوە پێویستمان بە "100" ساڵی تر دەبێت بۆ ئەوەی تەواوی رووفاتەکانی نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەربهێنین و بیانگەڕێنینەوە بۆ کەس و کاریان و نیشتمانی خۆیان.

جگە لەو گۆڕە بەکۆمەلأنەی هی تاوانی ئەنفال و بارزانییەکانن، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی تر لە شاروشارۆچەکانی عێراق و کوردستان بوونیان هەیەو تا ئێستا زۆرێکیان ماونەتەوەو هەڵنەدراونەتەوە.



# نموونەی هەڵدانەوەی گۆڕەکان

- **یەکەم**: ساڵی 2004 گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سنووری قەزای هەڵەبجە لە گووندی "ملیج"دۆزرایەوەو هەڵدرایەوە کە "30" رووفاتی لەخۆ گرتبوو.
- **دووەم**: لە ساڵی 2014 لە سنووری پارێزگای دهۆك گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوەو "14" رووفاتی گولەبارانکراوی لە خۆگرتبوو.
- **سێیەم**: لە ساڵی 2008 گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی خەزەر لە سنووری پارێزگای موسڵ دۆزرایەوەو "256"دووسەدو پەنجاو شەش رووفاتی لە خۆگرتبوو.
- **چوارەم**: لە ساڵی 2008 لە سنووری قەزای خانەقین گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "33" رووفاتی لە خۆگرتبوو.
- **پێنجەم**: لە ساڵی 2011 گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە قەزای دبزی سەربە کەرکوك دۆزرایەوەو "106" رووفاتی تێدا بوو.
- **شەشەم**: لە ساڵی 2010 لە سنوری پارێزگای دۆهۆك گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "30" رووفاتی تێدابوو.
- **حەوتەم**: لە ساڵی 2012 لە پارێزگای دیوانیە "6" گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو سەرجەم "730" رووفاتی تێدابوو.
- **هەشتەم**: لە ساڵی 2013 لە زنجیرە چیای حەمرین کە دەکەوێتە نزیك شاری خوورماتوو، گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "158" رووفاتی تێدابوو.
- **نۆیەم**: لە ساڵی 2005 گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە بوسەیە دۆزراوەتەوە"513" رووفاتی تێدابوەو هەڵدراوەتەوە.
- **دەیەم**: لە ساڵی 2014 گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوەو "93" رووفاتی تێدابوەو هێنراوەتەوە بۆ کوردستان.



## هەندێ گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە سەردەمی جیاوازدا

- یەکەم: گۆڕی بە کۆمەڵی گووندی "دەکان" "33" رووفات" ساڵی 1969
- دووەم: گۆڕی بە کۆمەڵی قەلادزێ "134" رووفات، ساڵی 1974
- سێیەم: گۆڕی بە کۆمەڵی قوشتەپە، "30" رووفات/ ساڵی 1980
- چوارەم: گۆڕی بە کۆمەڵی "زیوە" "300" رووفان، ساڵی 1985
- پێنجەم: گۆڕی بە کۆمەڵی رەواندوز، "13" رووفات، ساڵی 1987
- شەشەم" گۆڕی بە کۆمەڵی شەقلاوە، "21" رووفات، ساڵی 1987
- حەوتەم: گۆڕی بە کۆمەڵی باليسان، "56" رووفات، ساڵی 1988
- هەشتەم: گۆڕی بە کۆمەڵی بەهەشتی زەهرا "تاران" "128" رووفات، 1988
- نۆیەم: گۆڕی بە کۆمەڵی چەمی قەشانێ، "24" رووفات، ساڵی 1988

## بەستنی سێ کۆنگرە تایبەت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان؟

تا ئێستا "3" کۆنگرەی تایبەت بە گۆڕی بە کۆمەڵ و شێوازو چونێتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا بەستراوە، یەکەمیان لە لەندەن و دووەمیان نەجەف و سێیەمیان لە هەولێرو لە 17و 18و 19-4-2011، لە تێکڕای ئەو کۆنگرانەدا چەندین باس و لێکۆڵینەوە پێشکەش کراون، تایبەت بە گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانی جینۆسایدی " شاڵاوەکانی ئەنفالی 1988، ئەنفالی بەرزانیەکان، جینۆسایدی فەیلیەکان، تاوانی دژ بە شیعە لە عێراق، جینۆسایدی هەڵەبجە"و تەواوی گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی تری "بەعس"، تایبەت بە کاریگەرییەکانیان، مامەڵەکردن لە گەڵیان، میکانیزمی هەڵدانەوەو پاراستنیان، بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئنگلیزی، ئەمە جگە لەوەی لە هەریەك لە کۆنگرەکاندا کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردە دەرکراون.



ئەوەی تێبینی دەکرێ، سەرەڕای هەندێ هەنگاوی سەرەتایی بەڵام بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرانە وەك پێویست نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە گرنگترین و هەرە لە پێشترینیان، دوای دۆزینەوەو دەست نیشانکردن، هەڵدانەوەو دەرهێنانی رووفاتی قوربانیەکانە، بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆکرد تا ئێستا کەمترینیان هەڵدراوەتەوەو کەمترین رووفاتی قوربانیەکان گەیەنراونەتەوە شوێن و زێدی خۆیان.

## رۆژێك بۆ گۆڕی بە کۆمەڵ..

دوای ماوەیەکی کورت لە رووخانی رژێمی دکتاتۆری بەعس، لە 2003-5-16 گەورەترین گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی مەحاویلی سەربە پارێزگای "بابل" دۆزرایەوەو پەردە لە سەر گەورەترین تاوانەکانی "بەعس" لادرا، واتا 2003-5-16 بە سەرەتای دۆزینەوەی یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵ لە سەر ئاستی عێراق دادەنرێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە پێشووتر گۆڕی بە کۆمەڵ نەدۆزرابێتەوە، بەڵکو لە دوای راپەڕینی 1991 لە سەر ئاستی کوردستان چەندین گۆڕی بە کۆمەڵی تر دۆزرانەوە، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رۆژی 2003-5-16 ی بە رۆژی فەرمی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە عێراق داناو دەست نیشانکرد.

ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیکۆمێنتێکی گرنگ و بایەخدارە، بە ئاراستەی سەلماندنی تاوانی جینۆساید لەلایەن رژێمی بەعسی فاشی لە گۆڕنراو، کە دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کوردو کوردستان بە تایبەت لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەنجامیداون.

ئەمەش بوە یەکێك لە بەڵگەنامە گرنگ و سەلمێنراوەکان لە پێش دەستی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بۆ ئەوەی تاوان و شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەستیارییەوە وەربگرێ و بڕیاری لە بارەوە بدات، کە دواتر باسی دەکەین.

## پێشانگای تایبەت
## بە کەسوکاری ئەنفالکراوان
## لەلایەن ڕێکخراوی
## هاوکاری ئەڵمانی
## لە ڕۆژانی کۆنفرانسدا




## لیژنەی باڵا

- ئاکۆ یوسف ئەحمەد سەرۆکی لیژنەی باڵا
- دکتۆر بورهان یاسین، نوێنەری پەرلەمانی کوردستان
- تەها سلێمان بڕیاردەرو ووتە بێژی کۆنفرانس و لیژنەی لێکۆڵینەوەکان
- سەربەست حاجی ئەحمەد، لیژنەی هونەری
- ئازاد حەسەن فەرحان لیژنەی پێشوازی و میوان
- ئومێد سەعدولاّ لیژنەی بەڕێوەبردنی سمینارەکان
- شوان جەلال، لیژنەی راگەیاندن و نوسین و ئامادەکردنەوەی راسپاردەو ڕێنماییەکان

**تەواوی تێچووی دارایی کۆنفرانس بە سوپاسەوە**

**لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە**